**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (٢)ی ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/٦ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠١٧
## یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە ( ٨٧ )ی ساڵی ١٩٧٩ هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی ( ١ ):**

ماددەی (سێ یەم) لە یاسای بەکرێدانی خانووبەرەی ژمارە (٨٧) ساڵی (١٩٧٩)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان- عێراق لە کار دەوەستێنرێت، ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:

**یەکەم:** ئەو گرێبەستانەی بە کرێدانی خانووبەرە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون یان غەیری نیشتەجێ بوون کە دوای ٢٠٠٨/٧/١٥ گرێ دراون ، دەکەونە ژێرکاری حوکمەکانی یاسای شارستانی ژمارە (٤٠) ساڵی ١٩٥١ی هەموارکراو.

**دووەم:** ئەو گرێبەستانەی بەکرێدانی خانووبەرە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون یان غەیری نیشتەجێ بوون پێش ٢٠٠٨/٧/١٥ گرێ دراون و،ماوەکەیان کۆتایی پێهاتووە، دەکەونە ژێرکاری حوکمەکانی یاسای شارستانی ژمارە (٤٠) ساڵی ١٩٥١ی هەموارکراو، بەمەرجی پابەندکردنی (الزام) بە کرێدەر و کرێچی بە گرێدانی گرێبەستێکی بەکرێدانی نوێ کە ماوەکەی لە چوار ساڵ کەمتر نەبێت، بەکرێ یەك کە هەردوو لا لەسەری ڕێك دەکەون.

**ماددەی ( ٢ ):**

**یەکەم:** ئەگەر هەردوو لایەنی گرێبەستەکە ڕێك نەکەوتن لەسەر بڕی کرێ کە بەپێی ماددەی (١/دووەم) لەم یاسایە داهاتووە، هەردوو لایەن یان لایەکیان مافی هەیە پەنا بەرێتە بەر دادگاکانی بەرایی بۆ مەبەستی دیارکردنی بڕی کرێ کە لە ڕێگەی لیژنەیەك کە پێك دێت بە سەرۆکایەتی دادوەری دادگاکە و ئەندامێتی نوێنەری هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتی تۆماری خانووبەرەی تایبەتمەند و بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی تایبەتمەند.

**دووەم:** بڕیاری لیژنەی پێك هێنراو بە پێی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە شیاوی پێداچوونەوەیە لە لایەن دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە بە سیفەتی پێداچوونەوە لە ماوەی ( ١٥) پانزە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای دەرچوونی بڕیارەکە، و بڕیاری دەرچوو بە بن بڕ دادەنرێت.

**ماددەی ( ٣ ):**

**یەکەم:** حوکمی ماددەکانی (١) و ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە جێ بەجێ دەکرێت بەسەر ئەو داوایانەی کە لەبەردەم دادبینداں یان بڕیاری چۆڵکردنیان بۆ دەرچووە وە پلەی بن بڕیان وەرنەگرتووە.

**دووەم:** وەستاندنی جێبەجێکردنی (ایقاف تنفیذ) حوکمەکانی چۆڵ کردن کە پلەی بن بڕیان وەرگرتووە، بەپێی حوکمەکانی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨ دەرچوون لە ماوەی بەرکاربوونی، جێبەجێ کراون (منفذة) لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی جێبەجێ کردن.

**ماددەی ( ٤ ):**

ماددەی (چوارەم) لە یاسای بەکرێدانی خانوو بەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق لەکار دەوەستێنرێت و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

**یەکەم:** نابێ ساڵانەی ئەو خانوبەرانەی حوکمەکانی ماددەی (١/دووەم) ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەم ڕێژانەی خوارەوە زیاتربن:

١- (٤٪) چوار لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانوبەرە یان شوققانەی بۆ نیشتەجێ بوون ئامادەکراون و بۆ ئەم مەبەستەش بەکرێ دەدرێن.

٢-(٦٪) شەش لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانوبەرە یان ئەو شوققانەی کە ژوور، ژوور بۆ نیشتەجێ بەکرێ دەدرێن .

٣- (٦٪) شەش لە سەدی بەهای گشتی ئەو خانوبەرە یان شوققانەی کە بۆ مەبەستی غەیری نیشتەجێ بەکرێ دەدرێن .

**دووەم:** مەبەست لە بەهای گشتی خانووبەرە لەم یاسایەدا کۆی بەهای زەوییەکەو بیناکەیە لەو کاتەدا کە دەسەڵاتی دارایی بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیخەمڵێنێ.

**ماددەی ( ٥ ):**

یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٠ هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی ( ٦ ):**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی ( ٧ ):**

**پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**ماددەی ( ٨ ):**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت، لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.**

**جعفر إبراهیم ئیمینکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

**بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکاری و گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتیانەی هاتۆتە ئاراوە ، لە پێناوی هێنانەدی دادپەروەری و هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندی هەردوو لایەنی گرێبەستی بەکرێدان و بۆ ڕەخساندنی زەمینەسازی لە بار بۆ گەشەپێدانی وەبەرهێنان و سەقامگیری کۆمەڵایەتی، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.**